# ڕازانەوەی پەنجەی کیژان به ئەڵقەی ڕازاوه

خانمان لەگــەڵ ئەو جوانیەی هەیانە، دەبێ زیاتر له کاری جوانکاری و مۆده تازەکانیشدا جوانی دیکه دەربخەن له جلوبەرگ و ستیل و ئێکسسوارەکان هەروەها، هەر ئێکسسوارێك جێگەی گرنگــی و بایەخی تایبەتی هەیه له جەســتەدا، هەر یەکــه دەبێ به گوێرەی ئــەو شــێوازه هەڵبژێردرێت و که شــیاوی جوانی و کراوەیی بێ لەســەر ئەو شوێنەی که دەپۆشرێ.

ئەڵقەکانیــش یەکێکــن لــەو ئێکســسواره سەرەنجڕاکێشــانه و بــه تایبــەت کاتێك له پەنجەی خانماندا دەبــن و دەبنه مۆدەیەکی تایبەت و ناســك بۆ دەست، تەنانەت شێوەی ئەڵقــەکان جوانی مۆدەکه دیــاری دەکەن، ئەڵقــەی ئەڵمــاس یان ڕەنــگ ئەڵماس مۆدەیەکی شایســتەیه بۆ جوانیت و زیاتر پەنجەکانت ناسکتر و ڕازاوەتر دەکەن، بەڵام ئەڵقەی لەم شێوەیه دەبێ بەشی سەرەوەی بەنەخشێکەوه بێ.



# باوترین و تازەترین جلەکانی



مــۆدەی جلوبەرگــەکان بەپــێ کات و شــوێن دەگۆڕێ و هەر مۆدەیەکی پایەنده به شێوازێك له شــێوازەکان کــه خانمان هەڵیدەبژێــرن، بۆیــه له ڕێگەی جوانی جلەکانەوه دەکرێ ئەو شــێوازه دەستنیشان بکەین که لەگەڵ ئەو وەرزەی مــۆده و جوانکاری دەگونجــێ، لــه کــوردســتانیش مۆدەکان بەپێ جلەکان یان کەرەســتەکان دەگۆڕێــن و ڕۆژ به ڕۆژ مــۆدەی دیکه دەردەکەون، به پێویستمان زانی مۆدەی تازەترین و باوترین جلەکانی بووك بۆ خانماندا نیشــان بدەین، وەکو ســوودێك بۆ خانمــان لەم لایەنه وەربگــرن و بتوانن

# جوانی دیکۆری ژووری چێشتلێنانیدن



دیکۆری ماڵ به شێوازێك له شێوازەکان شایستەی جوانییەکی گەوره و گونجاندنێکی تایبەته، بەمەش له ڕێگەی کەرەستەکان و

دانانی هەر کەرەستەیەك له شوێنی پێویستی خۆی و ئەمەش لــه کاتێکدا دەبێته یەکێــك له دیکۆره گونجــاوەکان بۆ ئەوەی له ماڵــدا ئامادەبکرێ و هەر دیکۆرێك تەنیا پێویستی به ڕێکخستن و دانان هەیه، که ئەمەش بیرکردنەوەی پێویسته که دەکرێ جوانی زیاتر ببەخشن له جوانی دیکۆری پێشوودا.

یەکێك له گرنگترین بەشــەکانی دیکۆری ماڵ، بریتییــه له ژووری چێشــت، که بــه دیکۆری پاك و خاوێنی و دڵــی دیکۆری ماڵدا دادەنرێ، هەرچەنــده ئــەو ژووره به پــاك و ڕازاوەیی بێ، ئەوەنده پێویســتی به گرنگیدانی زیاتره، ئەمەش دەبێ له دانانــی دیکۆرەکان و کەرەســتەکان له شوێن و جێگەی تایبەت به خۆیان بن، مەبەستیش بۆ زیاتر سەرەنجڕاکێشــی و ناسکی له دیکۆری ژووری چێشت.

## بووک لە کوردستان



لە رۆژی ئاهەنگدا جوانترین جلی بووك بپۆشن.
ئەو چەند مۆدەیە لە جلوبەرگی بووك، بریتین لە باوترین مۆدەکانی جلوبەرگ، کە رێژەیەکی زۆر لە خانمان هەڵیدەبژێرن بۆ رۆژانی ئاهەنگ، کە هەر یەکە مۆدەیەکی جوان و رازاوە لە خۆ دەگرێ، زیاتر ئەو مۆدەیە باوە کە نەخشی پەڕپەڕەی لە پێشەوە هەیە و لە سەرەوە بە شێوەیەکی تەسك کەم کراوەتەوە.



## تەنوورەی کورت مۆدەی وەرزی بەهارە

## ملوانکەکان جوانییەکی رەها دەبەخشن

ئێکسسوارەکان هەردەم جێگەی بایەخی خانمان و جوانییەکی رازاوە و ناسك یان هەیە، ئەمەش لە رێگەی جۆر و شێوەی ماددەکانی کە لێوەی دروست دەکرێ، یەکێك لە ئێکسسوارە جوانەکان بریتین لە ئێکسسواری (ملوانکە)، بەڵام نەوەك ملوانکەی ئاسایی، ئەوانەی لە ماددەی (مێروو – بەلوورە) دروست دەکرێن، کە جوانییەکی رەها و تایبەتی هەیە لە ملی خانمان، ئەمەش کاتێك ملوانکەکان بە شێوازێکی تایبەت و جوانەوە دەردەکەون. ملوانکەی لەم جۆرە دەکرێ بە شێوەیەکی سادەوە لە مل بکرێن، چونکە جوانییەکەی لە خۆیەتی و پێویستی بە جلوبەرگ نییە بۆ ئەوەی بگونجێت، بۆیە کاتێك دەپۆشرێ، کە جلێکی بێ ملیوانە دەپۆشرێ و لەگەڵ ئەو جۆرە جلەدا، ئەو جۆرە ملوانکەیە لە مل دەکرێن، ئەمەش وەك مەبەستێك بۆ جوانی و درەوشاوەیی تا لە ئەنجامدا جوانی ملوانکەکان بە شایستەیی دەربکەون و رازاوە بن.



بەرپرسی فایلی رەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560

# ڤالانتاین پیرۆزە

لە کۆتایی سەدەی سیانزەیەمی زایینی دا، ئیمپراتۆری ڕۆمانی (کلۆدیۆس) هەڵسا بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری، چونکە بە بیر و ڕای خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ سست بوونی پیاوان لە کاتی جەنگدا، ئەمەش وایکردبوو کە ڕێژەیەکی زۆر لە کوڕان و کچان پەیوەندی خۆشەویستی ببەستن کە دوور بێ لە هاوسەرگیری، یەکێك لە پیاوە ئاینییەکانی مەسیحی بەناوی (ڤالانتاین) کە پیاوێکی پیر بووە، هەڵساوە بە هاوسەرگیری کوڕان و کچان بە نهێنی و بەبێ ئەوەی ئیمبراتۆر پێبزانێ، بۆیە دوای ماوەیەك ئەم کارەی کردووە و ئاشکرا بووە. بۆیە لە ڕۆژی ٢٧٠/٢/١٤ی زایینی ئەو پیاوە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە لە سێدارە دراوە و لەبەر ئەوە بۆتە ڕۆژێکی تایبەت لە جیهانی خۆشەویستان، لەم کاتەوە بۆتە ڕۆژێکی دیاری کراو بۆ ئەوانەی خۆشەویستن و بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی و خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دووپات بکەنەوە و زیاتر لە ڕۆحی خۆیان یەکتریان خۆشبوێن ئێمەش پیرۆزبایی لە خۆشەویستانی کوردستان و بەهیوای خۆشەویستییەکی پاك و ڕاستگۆ بکەن.

# (تاوسی سپی)یتان بینیوە ؟!



چەندین گیاندار لە سرووشتدا هەن، بە جوانی و ڕازاوەیی بەناوبانگن، کە مرۆڤ حەز دەکات هەردەم سەیریان بکات، لەوانە: (تاوس – پەپوولە – بولبول)، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەنگاوڕەنگەی کە لەسەر باڵەکانیدا هەن و بەمەش جوانییەکی گەورە دەردەخەن بۆ هەر کەسێك سەیریان بکات، باڵەکانی تاوس ڕەنگاوڕەنگێکی زۆری پێوە دەبینرێ، لە چەندەها ڕەنگی تێکەڵ و جوانەوە دەردەکەوێ، کەچی وادیارە ئەو تاوسە دەبێتە یەکێك لە تاوسە سەیرەکانی جیهان، کە ڕەنگی وەك هەر تاوسێکی ئاسایی نییە و بەڵکو (ڕەنگی سپی)یە، کە هەرگیز لە پێشوودا تاوسی لەم جۆرە نەبینراوە، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لە تاوسە سەیرەکان، بەڵام جوانییەکەی خۆی هەر ماوە و دیمەنێکی جوانی هەیە.

# (کیم کاردشیان) پەشیمانە



خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی (کیم کارداشیان) پەشیمانە لەوەی وێنەی بە ڕووتی گرتووە و لە چەندین گۆڤار و وێبسایتە جیهانیەکان بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی گۆڤاری (W)ی ئەمەریکی، کە بە ناوی دانانی وێنەی جەستەی (کیم) بە ڕەنگی سیلڤەر، کەچی لە ئەنجامدا لەلایەن گۆڤارەکەوە، وێنەی سیلڤەرەکە و وێنەیەکی دیکەی ڕووتی (کیم)یان بڵاوکردۆتەوە و ئەمەش وایکردووە کە (کیم) تووڕە بێت و پەشیمان بێ لە کارەکەی، بۆیە پەیمانی داوە کە جارێکی دیکە وێنەی بە ڕووتی نەگرێ و تاوەکو دووبارە پەشیمانی نەیگرێتەوە.



# نێرگەلە بازاڕی جگەرەی شکاندووە



نێرگەلە یەکێکە لە کەرەستە بەناوبەگ و کۆنەکان کە بۆ جگەرەکێشان بەکاردەهێنرێ و بەڵام جیاوازی هەیە لە جگەرە، ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان نێرگەلە دەکێشن، بەناوی ئەوەی شتێکی خۆشە و هەستێکی تایبەت لەلایانەوە دروست دەکات، نێرگەلە بە دانانی پارچە ڕەژوویێك لە سەرەوەی دادەنرێ و ئەمەش وادەکات ئەو بەشەی سەرەوە گەرم بکات و بۆ ئەوەی گەرمایەکە بداتە خوارەوە، لە خوارەوەش ئاوێکی تایبەتی تێدەکرێ، لەم ئاوەش بۆنێکی تایبەتی بۆ دادەنرێ، چەندین بۆن هەیە کە دەکرێ لە نێرگەلە بکرێت لەوانە : بۆنی (سێو – پورتەقاڵ- لیمۆ...)، کاتێك لە لوولەکەی سەرەوە هەڵیدەمژی، لە خوارەوە ئاوەکە بە بڵقە بەڵقەوە دێت و ئەمەش وادەکات نێوان ئاگرەکەی سەرەوە و ئاوەکەی خوارەوە، ئەو دووکەڵە دروست بێ کە لە لوولەکەوە دێتە دەرەوە، ئێستاش نێرگەلە لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا دانراون کە زۆربەی گەنجەکان دەیکێشن و کە پێشتر لە ماڵەکاندا زیاتر دادەنران.

# شاجوانی خەپەکان!



ڕێورەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان، ساڵانە یان چەند ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێ و تیایدا جوانترین خانم لە شاجوانی وڵاتان هەڵدەبژێردرێت، بۆ بوون بە شاجوانیش چەند یاسایەك هەیە کە هەرە گرنگیان ئەوەیە کە نابێ کێشی لەشت زۆر بێ، کەچی وادیارە خانمە قەڵەوەکان یان خەپەکان دەیانەوێ لەناوخۆیاندا شاجوان هەڵبژێرن، وەکو لەم وێنەیەدا چەند خانمێك خۆیان نمایش دەکەن بۆ ئەوەی لە پێشبڕکێ سەربکەون و ببن بە شاجوانی خەپەکان، ئێمەش نابێ جیاکاری بکەین لە نێوان ئەو خانمانە و شاجوانەکانی جیهان، چونکە هەموویان مرۆڤن و مافیان هەیە ببن بە شاجوان.

## پایسکیلی نەرمیش پەیدا بوو

پایسکل یەکێکە لەو کەرەستانەی کە مرۆڤ بۆ هاتوچۆ بەکاریدەهێنێت، کاتێك دەتەوێ پایسکلەکەت لە شوێنێك رابگرێت، دەبێ لە شتێك ببەستیتەوە بۆ ئەوەی نەدزرێ یان کەسی دیکە دەستکاری نەکا، کە لە شوێنە گشتییەکان ئەو شوێنە نابێ بۆ وەستانی پایسکلەکان، بەهۆی قەرەباڵغی و بەبوونی شوێن، لەلایەن کۆمپانیاکانی پایسکل بیرۆکەیەکی سەیریان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، ئەویش بە دروست کردنی پایسکلەکان لە ماددەیەکی نەرم کە توانای چەمانەوەی هەیە و دەکرێ بە دەستەکانت بیچەمێنیتەوە، وەکو ئەوەی لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن پایسکلێکی تەواو، دەکرێت بە پایسکلێکی بچووك بە ئاسانی هەڵدەگیرێ و دەبەسترێتەوە.





# ڕەنگاڵە

## هێلکەی خڕ !



- لەکاتێکدا کە (جیمس تشارتچ) خەریکی ئامادەکردنی خۆراك بۆ میوانانی هوتێلی (بریستۆڵ) لە شاری (کۆرنواڵ) لە ویلایەتی (نیویۆرك) لە ئەمریکا و خەریکی هێلکە شکاندن بوو، لەپڕ واقی وڕما کە بینی ئەوە هێلکەیەکی بەدەستەوەیە کە تەواو خڕ و لەشێوەی بازنەیەکی تەواودایە! جیمس دەیویست کە هێلکەکە لە مقەڵی بکات تاکو بیکات بە هێلکەوڕۆن و پێشکەش بە میوانانی بکات، بەڵام بە شێوەی سەیری هێلکەکە سەری سوڕما و هێلکەکەی نەشکاند. جیمیس کە تەمەنی ٢٧ ساڵە لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی (دەیلی میل) ی بەریتانی راگەیاند کە لە ژیانمدا هێلکەی وام نەدیوە و لەناو سەلاجەکەی خۆمدا پارێزگاری لێدەکەم و نایەڵم تێك بچێت

## کاتژمێری بە پێچەوانە



پیاوێکی عێراقی جۆرە کاتژمێرێك دروست دەکات کە بەپێچەوانە کاتژمێرەکانی تر کاردەکات،واتا بەرەو دوواوە دەگەڕێتەوە، خاوەن و داهێنەری ئەو بیرۆکەیە بریتیە لە"نازم سەفار"ی دانیشتووی شاری بەسرەی خوارووی عێراقە


لەوبارەیەوە ناوبراو ڕایگەیاند کە هۆکاری درووست بوونی ئەو بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بەکارهێنانی کاتژمێری دەستی لەلایەن هاوڵاتیانەوە، دوای زۆربوونی ئامێرەکانی تەکنەلۆیاو ئەلیکترۆنیەکانی وەکوو موبایل و کۆمپیوتەر و ...تاد، کە وایکردووە خەڵکی کەمتر پشت ببەستن بە کاتژمێری دەستی،بۆیە ئەو بیری لەوە کردۆتەوە کە کارێکی وا بکات دووبارە ئەو کاتژمێرانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەکاربهێنرێن، ئەو بیرۆکەیەشی لەلایەن چەندین کەسی شارەزاو ئەندازیاری تەکنیکی پشتگیری لێکراوە (سەفار) ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو جۆرە کاتژمێرە لەجیاتی ئەوەی بە پێچەوانەی ئاراستەی قیبلەوە بسوڕێت،بە ئاراستەی قیبلە دەسوڕێت کە بریتیشە لە ئاراستەی سورانەوەی حاجیان بەدەوری کەعبەدا،چونکە کاتژمێرە ئاساییەکان جگە لەوەی کە پێچەوانەی ئاراستەی قیبلەن پێچەوانەی ئاراستەی گۆی زەوی و ئاراستەی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر و سوری خوێنن، شایانی باسە ئەو جۆرە کاتژمێرە ئێستا لە بازار دەفرۆشرێت تەنیا بە بڕی ٢٦ دۆلار،کە بڕێکی زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو داهێنانە مەزنە....بەڵام چونکە لە عێراقە بۆیە وایە.

**ئا: ڕەوەند بەختیار**




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

پێشبینی دەکرێت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بۆ ماوەیەك پەیوەندی سۆزداری وەك جاران بەهێز نەبێت، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەن ئەتوانن ئەو گرفتە چارەسەر بکەن بە جۆرێك کاریگەری نابێت لەسەر پەیوەندیەکە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەوانەیە کەسێك ئەویندارى تۆ بێت و هەستی پێناکەی، چاوەڕوان بە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو کەسە هەستی خۆی ئاشکرا دەکات و لەوانەیە پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانتان درووست بێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەشێوەیەکی گشتی هەفتەیەکی ئاسایی دەبێت و جیاوازی نابێت لەگەڵ هەفتەی ڕابردوو، زیاتر بایەخ بەو بوارە بدە کە سوودی هەیە بۆ ئایندە و هەوڵ بدە لەئێستاوە بەرنامەیەك پەیڕەو بکەی بۆ گەیشتن بە هیواکانت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەگەر هەر کێشە و گرفتێك هاتە سەر ڕێگای پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت دەبێت زۆر بە ئارامی هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، ئەتوانن داوای یارمەتی لەهاوڕێکانت بکەی ئەگەر چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

زۆر جار بیر لەڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوو ئەکەیتەوە و پێت وایە دووبارە نابێتەوە، مەرج نییە بەو شێوەیە بێت، ئێوە ئەتوانن کارێك بکەن ئایندەیەکی خۆشتر مسۆگەر بکەن، بۆیە ئەوەندە بیر لەڕابردوو مەکەنەوە و خەون بە داهاتوویەکی گەش ببینن.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

گوڵەگەنم

داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێك یان بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە ئامادەبوونت ببێتە هۆی ئاسوودەیی ئەو کەسانە و لەهەمان کات چاوت بە چەند هاوڕێیەك دەکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە یەکترتان نەبینیوە.

# هێلکە لەسەر قەڵەم!



ئەوانەی خاوەن بەهرەی سەیرن، دەتوانن کاری وا ئەنجام بدەن، کە ببێتە حاڵەتێکی سەیر لەبەرچاوی کەسانی دیکە نەوە ئەم بەهرانەش لە کاتێکدا دەبێ کە مرۆڤەکان لە کاتی لە دایك بوونیانەوە بۆیان بووە، یان لە داهاتوودا فێری بوون، ئەم پیاوە چینییە، توانایەکی سەیری هەیە، کە لە منداڵییەوە کاری لەسەر کردووە تاوەکو ئێستا، ئەویش بە دانانی هێلکەیە لەسەر قەڵەم، بەبێ ئەوەی شتێك یان فێڵێکی لێوە بکات.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ئاسەوارێکی دێرینی شاری هەولێرت بۆ دەربچێ.

ڵ ە ت ا ق

وەڵامی ژمارەی پێشوو (مەم و زین)




**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئێرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

- کوڕێك دەچێتە خوازبینی کچێك، باوکی کچەکە لە کوڕەکە دەپرسێ، جگەرە دەکێشی، ئەویش دەڵێ نەخێر، تەنیا جار جارە کە ئارەق بخۆمەوە دەیکێشم، باوکی کچەکە دەڵێ : ئارەقیش دەخۆیتەوە؟ ئەویش دەڵێ نەخیر، تەنیا جار جارە کە جەوم نابێ یان دڵم تەنگ دەبێ، باوکی کچەکەش دەڵێ : کەی دوا جار خواردۆتەوە، ئەویش دەڵێ : دوا جار کە چوومە داخوازی کچێك و باوکی رازی نەبوو،منیش باوکیم کوشت، بۆیە خەم دایگرتم و ئارەقم خواردەوە.

❋❋❋

- کوڕێك بە خۆشەویستە کچەکەی دەڵێ : پرسیارێك دەکەم بەڵام توڕە نەبێ، کچەکەش دەڵێ : فەرموو. کوڕەکە دەڵێ پێش من لەگەڵ چەند کوڕی دیکە بووی ؟ کچەکە ڕووی خۆی لەولا دەکات و کوڕەکەش دەڵێ : نەمگوت توڕە دەبی. کچەکەش وتی : نا توڕە نەبوومە وابیر دەکەمەوە و دەیانژمێرم !

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە

وێنەی یەکەم




وێنەی دووەم





**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ماوەیەكی زۆرە چاوەڕوانی هەواڵێكی گرنگ دەكەی كە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆتەوە هەیە، بەم نزیكانە ئەو هەواڵەت پێدەگات و كاریگەری دەبێت لەسەر زۆربەی بوارەكانی ژیانت، گەشبین بە و چاوەڕوان بە.




**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

وا باشترە ئەوەندە بیر لەو پەیوەندییە نەكەیتەوە كە ماوەیەكە كۆتایی پێهاتووە و كەسی بەرامبەر لەبیری كردووی، لەجیاتی ئەمە خۆشەویستی خۆت بە كەسێك ببەخشە كە دڵنیای بەڕاستی خۆشی ئەوێی.




**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

مەرج نییە هەموو شتێك بە خێرایی جێبەجێ بكرێت ببێتە هۆی سەركەوتن هەندێك جار پێویستە بە ئارامی و چاوەڕوانی هەندێك كار ئەنجام بدەیت، هاوڕێیەكت داوای یارمەتیت لێدەكات بۆ ئەنجامدانی كارێكی گرنگ.




**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دەبێت بە باشترین شێوە ئەم ماوەیە هەوڵ بدەی كارەكانت ئەنجام بدەی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پلەت بەرزتر بكرێتەوە، بەپێچەوانەوە لەوانەیە كاریگەری نێگەتیڤ درووست بكات.لە ئێستاوە هەوڵ بدە و خۆت ئامادە بكە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەی دڵنیابە لەوەی ئایا تا چەند لەبەرژەوەندی ئێوەدایە، هەندێك جار كەسانێك بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەكانی ئێوە هەوڵ ئەدەن كاریگەری درووست بكەن بۆ دەركردنی بڕیاری خێرا و دواتر پەشیمان دەبنەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئێوە هەندێك كەستان لەبیركردووە كە ڕۆژانێك زۆر یەكترتان خۆشدەویست و هاوڕێی نزیك بوون، بەڵام ئەوان ئێوەیان لەبیر نەكردووە، لەداهاتوودا پێشبینی دەكرێت چاوت بە چەند كەسێك بكەوێت و یادی ڕۆژە خۆشەكانی ڕابردوو ئەكەنەوە.

**ئامادەكردنی:داریۆ**

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ١ |
| | | | | | ■ | | ■ | | | | | ٢ |
| | | | | ■ | | | | | | | | ٣ |
| | | ■ | | | | | ■ | | | | | ٤ |
| ■ | | | | | | | ■ | ■ | | ■ | ■ | ٥ |
| | | | | ■ | | ■ | | | ■ | | | ٦ |
| | ■ | | | | ■ | | | | | | | ٧ |
| ■ | | ■ | ■ | ■ | | | | | | | ■ | ٨ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٩ |
| | | ■ | | | | | | ■ | | | | ١٠ |
| | | | | | ■ | | | | ■ | ■ | | ١١ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ١٢ |

ئا:فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- دەنگی قاز- دەنگی ڕەشەوڵاخ.
٢- پایتەختی ئەوروپایە(پ)-گۆرانیبێژێكی كۆچكردووە(پ).
٣- پلەیەكی سەربازیە(پ)- دڕان.
٤- دەنگی ورچ(پ)- دەنگی ئەسپ- درواێكە.
٥- شارێكە لەجەزائیر(پ).
٦- قژ(پ)- وەكویەك- دەنگی سەگ.
٧- پایتەختی ئەوروپایە(پ)- سێ پیتی قەندیل.
٨- فەیلەسوفێكی ئەفریقی بوو.
٩-دەنگی سەگی ئازاردراو- وەكویەك- دەنگی هێستر.
١٠- یەن(ت)- وڵاتێكی عەرەبییە- نیوەی ڕەوا.
١١- ڕەنگێكە- چاوپێكەوتن.
١٢- دەنگی هەڵۆ(پ)- دەنگی ڕێوی.

## ستوونی:

١- دەنگی بزن- بزر- دەنگی كەڵەشێر.
٢- پایتەختی ئەمریكیە(پ)- ئەكتەرێكی هیندیە.
٣- ئامێرێكە(پ)- دەنگی گورگ.
٤- دەنگی مەڕ(پ)- دەنگی بەراز- وەكویەك.
٥- گیانلەبەرێكە- چۆن.
٦- حوسین(ت)- گۆرانیبێژێكی كوردە.
٧- مانگی گوڵان(پ)- دەنگی ئاو.
٨- زر- بینی(پ).
٩- دەنگی گامێش- دەنگی سوێسكە(پ).
١٠- شۆڕ(ت)- وەكویەك نیوەی دارا.
١١- ئازانسێكی جیهانییە(پ)- وەزیرێكی فیرعەون بوو(پ).
١٢- دەنگی شێر(پ)- ژمارەیەكە(پ)- دەنگی گوێدرێژ.

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پیرمام) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە. ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (گیانداركی ترسناكە، پاشای دارستان)
- پیتی خانەكانی (٥+٦+٧) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئەو كەسەی لەسەر پشتی ئەسپە)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+١) كۆبكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕەنگی سپی)
- پیتی خانەكانی (١+٤+١) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئەنجامی ١٢ دابەش ٢)